## کۆمەڵەی باوکان

لە مانگی ئایاری ٢٠٢٢ەوە دوازدە پیاو لە "گرووپی باوکان"ی کۆمەڵەی خێزانە کوردستانییەکانی ئەڵمانیا (یەکماڵ) مانگانە دووجار لە گەلەریی بەرلین کۆدەبنەوە. ئەو باوکانە لە باشوور و ڕۆژئاوای کوردستانەوە هاتوون. سەردانی پێشانگەکانی مۆزەخانەکە دەکەن و بۆچوون و ئیلهامەکانی خۆیان دەخەنە ڕوو کە بەردەوام لەگەڵ چیرۆکی بنەچە و کوردبوونیان تێکەڵاون.

مامۆستا ئاژۆ ئەمین و هونەرمەندی بینراو مارکۆس گارسیا پێرێز یاوەری گروپەکەن. ئەوان تاقیکردنەوە لەسەر ڕاهێنانی ئەدای و گرافیک دەکەن کە پرۆگرامێکی بەکۆمەڵ بەرەوپێش دەبەن. هەروەها بۆ ئەو پرسیارەی کە چۆن دەتوانین بە شێوەیەکی هونەری خۆمان دەرببڕین وەڵامی گونجاو دەدەنەوە. لە پرۆسەکەدا گرووپەکە مۆتیڤەکان هەڵدەبژێرێت کە دواتر بۆ کێشان و دروستکردنی دیکۆر کەڵکی لێ وەردەگیردرێت. لە کۆبوونەوەکاندا بە زمانی کوردی و ئەڵمانی قسە دەکرێن. قاوە و شیرینی خۆماڵیش لەبەردەستدا دەبێت.

**تیمی پرۆژەکە: عەبدوڵا ئەحمەد، ئەیاد ئالیان و ئاژۆ ئەمین (سەرپەرشتیارانی گرووپ)، هاژۆ باسەل، حەمۆ ئیبراهیم، عەبدولمەجید عیسا، عەبدولڕەحمان قاسم، عەبدولڕەحمان خەلیل، عومەر خەلیل، محەمەد محەمەد، م. فەتاح ئۆلابی، مارکۆس گارسیا پێرێز (سەرپەرشتیارانی هونەریی پرۆژەکە)، عوسمان ڕەمزی، فاتمە سەلیم.**

## کۆمەڵەی درووومانی ژنان

دە ژن لە وۆرکشۆپی چنینی کۆمەڵەی خێزانە کوردستانییەکانی ئەڵمانیا (یەکماڵ) لە مانگی نیسانی ٢٠٢٢ەوە بۆ پرۆژەیەکی هونەری لە گەلەری بەرلین مانگانە دوو جار کۆدەبنەوە. ئەو ژنانە کوردن و لە باشووری کوردستانەوە هاتوون. خۆشەویستی و خولیای جلوبەرگیان هاوبەشە کە گوزارشت لە ناسنامەی کوردبوون و فەرهەنگی خۆیان دەکات. لە گەلەری بەرلینیش، ئەو گرووپە بە یاوەری دوو ناوبژیوانی هونەری، پەیوەندیی هونەر بە سروشتەوە دەخەنە بەرباس و مامەڵە لەگەڵ پەیوەندیی نێوان سروشت و جلوبەرگی کوردیدا دەکەن. ئەنجامەکەی دەبێتە هێنانە ئارای دیمەنێک لە چیرۆک و دیزاینی مۆدە و بابەتی جلوبەرگ.

**تیمی پرۆژەکە: پەیمان عەبدوڵا (سەرپەرشتیاری پرۆژەکە)، نەعیمە فەتاح، ئەکرەم قودسی، بێئاتە گۆرگس، شوکریە حەسەن عەلی، گەشاو حوسێن و مارینا مارکۆڤا (سەرپەرشتیارانی هونەریی پرۆژەکە)، پەرژین مستەفا، ساکار مستەفا، هاوناز ڕەحیم، بەهار سەلیم، بەهجەت تەتەر.**

هاوکاری گەلەریی بەرلین لەگەڵ ڕێکخراوەکانی:

کۆمەڵەی گەنجان لە مۆزەخانە، کۆمەڵەی خێزانە کوردستانییەکانی ئەڵمانیا (یەکماڵ) و کۆمەڵەی کوپکولتوور.

لە لایەن دامەزراوەی شێرینگ پشتیوانی کراوە